

# ماچ و چاو

**ڕەسووڵ سوڵتانی**

ماچ کردەیەکی مرۆییەو بۆ کەس نامۆ نییە. ماچ بەر لەوەی کردەیەکی تاکەکەسی یا کۆمەڵایەتی بێ، پێوەندییەکی قووڵ و چڕی سایکۆلۆژی بە رۆحی مرۆڤەوە هەیە. ماچکردن چ ئەو کاتەی منداڵێکی ساوا ماچ دەکەی یا لە کاتی ماڵاوایی دایك و برا و خوشك و ... یا لە کاتی چاوپێکەوتنەوەیان دا دوای ماوەیەکی دوورو درێژی لێکدابڕان یا ئەو دەمەی دوو لایەنی لێك تۆراو بە مەبەستی ئاشتبوونەوە یەکتر ماچ دەکەن تا دەگاتە ئەو ماچە پیرۆزەی کە دوو عاشق، دوو خۆشەویست کۆڵ و کۆی دەروونیانی پێ هەڵدەڕێژن، کردەیەکی سێحراویە و ئۆخژنێکی تایبەت بە دەروونی مرۆڤ دەبەخشێ. گەلێك بیرمەند و شاعیرو فەیلەسووف بە شێوەی فەلسەفی و ئەدەبی باسیان لە ماچ کردوە. بەڵام ئەگەر ماچ کردەیەکی عاشقانەیە، چاولێکردن و روانینیش دەورێکی گرینگیان هەیە. ئێمە هەزاران جار بیستوومانە یا لەوانەیە وتبێمان فلانی "چاوەکانت زۆر بزۆزن" یا "بە چاو قسە دەکەی". ئەگەر ئەو راستییە لە بەر چاو بگرین کە زمان دێرینترین ئامرازی پێوەندیی مرۆڤ بووە، چ ئەو کاتەی لە چوارچێوەی وشە و رستە دا بیچمی گرتوە، چ ئەو زمانەی بە هێما و ئاماژەی دەست کاری پێکراوە، بۆمان دەردەکەوێ کە بەشێکی ئاخافتنی ئێمە لە روخسارو نیگامان دا خۆ دەنوێنێ. هەموومان ئەزموونمان کردوە کە بەشێکی هەرە زۆری ویست و داخوازەکانمان بە بێ ئەوەی لە وشە و رستەدا دەرکەون، لە رێی ئاکارە رواڵەتییەکانی وەك چاولێکردن، رەنگی روخسار، لەرەی لێو... خۆ دەردەخەن. ئەم حاڵەتانە لە کاتی خۆشحاڵی، تووڕەیی، سەرسوڕمان و ترس و خۆشەویستی دا زۆر بەرچاون و من لێرەدا تەنیا باس لە رەهەندی خۆشەویستییەکەی دەکەم و دوایی دەچمەوە سەر ماچ.

شێرزاد حەسەن لە کتێبی "گەڕەکی داهۆڵەکان"دا چیرۆکێکی هەیە بە ناوی "ماڵئاوا خۆشەویس...". ئەم چیرۆکە چیرۆکی شارێکی بۆگەنیوە. شارێك کە رۆژ بە رۆژ بۆگەنێکی نامۆ پەرە دەستێنێ و خەڵك وەزاڵە دێنێ. ئەم بۆگەنە بە تایبەت لە نێو دیوی خەوتنی ژن و مێردەکانەوە دێ. شارەوانی تەواوی شار خاوێن دەکاتەوە. خەڵك هەموو کەلێن و قوژبنی ماڵێ

دەپشکنن و هۆکاری ئەم بۆگەنیوە نادۆزنەوەو بۆگەنەکە هەر دێ و پەرە



دەستێنێ. پەنا دەبەنە بەر دوکتورێکی شار. ئەویش هەموو هەوڵی خۆی دەخاتەگەڕ، بەڵام هیچی پێ ناکرێ. دوایی کتوپڕ بە مێشکی دادێ و هۆکارەکەی دەدۆزێتەوە. کاتێك بە نەخۆشەکەی دەڵێ: تۆ دەزانی دڵی ئادەمیزاد هەر بە قەد مشکێك دەبێ؟

بۆی هەیە وەك مشکیش بتۆپێ ..... کە خۆشەویستی تیا نەما، دەتۆپێ......

بەڵێ، کاتێك دڵ لە خۆشەویستی بەتاڵ بۆوە، دەمرێ و بۆگەن دەبێ. با لێرەدا بگەڕێینەوە سەر نیگا و ماچ وەکوو دوو کردەی خۆشەویستییانە. بیرمەندێك نیگا بە ئاوێنەی ڕۆح دەزانێ. ئەم وتەیە جێی لێوردبوونەوەیە. کاتێك زمان لە دەربڕینی واتای خۆشەویستی و درکاندنی رازی ڕۆح و عەشق دەوێستێ و پێی ناوەستێ، ئەوا چاو دەکەوێتە کار. بە تایبەت لە هەرێمی خۆشەویستی دا بەشی هەرە زۆری ئەو رازانەی زمان بە پێی حوکمی عەقڵ دەیانشارێتەوە، چاو بە بێ هیچ ترس و دڵەڕاوکێیەك دەیاندرکێنێ. لێرەدا خراپ نییە ئاوڕێك لەو تێڕوانینە عیرفانییە بدەینەوە کە عەقڵ بە خزمەتکاری عیشق دەزانێ. "نجم رازی" دەڵێ: "عیشق لە هەر کوێ خێوەتی هەڵدا، عەقڵ بارگە و بنەی دەپێچێتەوە."

بەڵام لەو شوێنەی کە زمان لە گۆ دەچێ و چاو کەسیرە دەمێنێ و لە قسە دەکەوێ، ماچ وەکوو بەهێزترین پردی پێوەندی، دوو خۆشەویست پێکەوە گرێ دەدا. "قوبادی جەلی زادە" لە شێعرێکدا ماچ بە کلیلێکی سەوز دەشوبهێنێ و دەڵێ: "ماچ کلیلێکی سەوزە، هەموو دەرگا داخراوەکانی ڕۆح و جەستە دەخاتە سەر گازەرای پشت."

کلیل ئامرازێکە بۆ کردنەوەی قوفڵ، قوفڵیش هەر لە کۆنەوە بۆ داخستن و شاردنەوەی کەلوپەلی بە قیمەت و گرانبایی دەکار کراوە. لێرەدا ئەو سندووقانەی قوفڵیان لێدراوە ڕۆح و جەستەن یا لەوانەیە چاوو زمان و گوێچکەی مرۆڤ بن کە بە دەرگاکانی جەستە ناسراون. بڵێی گەنجینەی نێو جیهانی جەستە چی بێ، کە تەنیا ماچ دەتوانێ پەردەی لە سەر هەڵداتەوەو دەرگای لێ بخاتە سەر گازەرای پشت؟ ماچ لێرەدا ڕۆڵی کلیلێکی سێحراوی لە ئەستۆیە، کاتێ ماچ لە دایك دەبێ، زمان و چاو دەکرێنەوە. کاتێك ماچ لە سەر چلۆوکی دوو لێو دەبێتە پەلکەزێڕینەیەك لە گوڵ، ئەوی رق و بوغزو قینە، دەمرێ و خۆشەویستی بەوپەڕی زوڵاڵییەوە سەرهەڵدەدا. کە خۆشەویستیش چرۆی دەر کرد، ئیتر مەحاڵە دڵەکان بۆگەن بن. بۆیە هێمنی شاعیریش دەڵێ:

"وەرە ماچم دەیە ماچی خودایی     کە بێزارم لە ماچی سینەمایی"